www.kurdistannet.org
28-8-2006 19:09بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دەمێکە چاوەڕێین خەونەکان ببنە حەقیقەت و ڕاستی... ! م. حەمید عەزیز

دەمێک بوو چاوەڕێی دەرگایەکی وابووین کە قوفڵەکەی بشکێنین وەهتا هێزمان هەیە کلیلی بێ دەنگی یەکەی تورِ دەین، دەمێک بوو تینووی ئەو کانی یە بووین کە بە دەمە شۆڤڵەکەی بەعس و دەستی کاسەلێسان کوێر کرایەوەو ڕمێنرا، دەمێک بوو ئازارێک ناو هەناومانی گوشیبوو، خواردبوو، تەنیبوو لە ژیان و تەرایی هەناسەکانمانی بردبوو بۆ ناعەدالەتی و نابەزەیی سەرۆکەکان.. بەڵێ سەرۆک و ئاغاکان.. ئای سەرۆکەکان چەند خەم و ترسی پلەوپایەکانتان چەند خەمی سەرمایەو کۆشکە بریق و باقەکانتان، ئێمە دڵنیاین چەند خەمی خۆتان و ناوبانگیتان ئەزانی ئێوە نیو ئەوەندە خەمی ئێمەتان نەبووە ئێمە لەدیقا زوو ئەمرین لەخەفەتا ڕەنگ زەردین و لەنارەحەتییا سەرگەردان، لەبێ خەمی ئێوەی ئاغاو میرو دەسەڵات بێ هیوا لەژیان ملی غوربەت و کۆچمان گرتە بەر، دەمێک بوو وێڵ بووین، تامەزرۆ بووین، تینوو بووین، دڵ شکاو بووین، ئەگەراین بەدووای سوار چاکێکدا کاسەلێسان پەت کات و ئارامی یەک بهۆنێتەوە بۆ دڵە سوتاوەکەی دایکی هاوڕێ شەهیدەکانمان و شادیش بکاتە میوانی دڵی منداڵی شەهیدان و پاڵەوانانی کەم ئەندام کەم ئەندامی شەیدای نیشتمان و سەقەتی دەست و پێ لەپێناوی مەملەکەتێک کە ئێوە ئاغاو سەروەرن تیایدا، چاوەڕێی ئۆخەیەکیش بۆ دڵە ماندوو باوەڕە بەتین و لەبن نەهاتووەکەی ئەم میللەتە چەوساوەیە کەبێ بەشە لەنان و ئازادی و ژیان. دەمێک بوو بڕواتان بێت دەمێکە دومەڵی گەندەڵ و جەردەکان لەسەر ڕێگەی دڵمان هەناومان ڕوواوە دڵنیام ئەویش ڕۆژی خۆی دێ ئەو دومەڵانە دەتەقن. جا کوا هیممەتێ کارێ پیاوەتی یە ئەی سەرۆک و ڕێبەری کوردان خۆ دەمێکە ئاواتمانە، هیوامانە، ژیانمانە، بینینمانە، کە دۆستی دوژمنانمان ڕسوابکەین، جاکوا شۆڕە سوارانی جاران، پیاوانی باو بۆران، پیاوانی سومبول بۆ سەربەستی، ژنان و ئافرەتانی تێکۆشان، پیاوانی تەنگانە، ئازا و بەجەرگ پیاوانێک کە بە ناویان دوژمن سام دایدەگرت و کونە مشکیان لێ دەبوو بەقەیسەری، ئەو ناوەش ناوی (پێشمەرگە) بوو نمونەی نەبوو لەپاکیا، لەووریا، لەئازایەتیا، لە جوانی تاقم و تفەنگیا، پێشمەرگە سەرقافڵەی نەتەوەیەکی تینو بوو تینو بۆ ئاوی سەربەستی هەناسە بۆ خنکاو، نان بۆ برسی، شەماڵ بۆ وەرزی گەرما، خۆشی و سەفا و پشوو بۆ ڕۆحێکی شەکەتو ماندو. کوان ئەوانە لەنیشتمان پەروەرییا سەربڵندی و لەساماندا تفەنگێک و لەخۆشەویستییا سومبول و لە پیاوەتییا سام و سامی ڕەوشت و نەبەزی بوون. دەمێک بوو لەچاوەڕوانی وێستگەی شەمەندەفەری عەدالەت و ماف و ڕاستیا وەستابووین و هیوایەک دەرنەئەکەوت.. سەبری ئەیوبمان ڕووان لەخۆماناو هیچ دیارنەبوو، هەق و ڕاستی سەرنەکەوت و لەم مەملەکەتە نەگبەتەی هەژارانا هەر چەوتی و خواروخێچی لەسەرەوەبوو بەڵام وەک دەڵێن هەر ڕاستی دەبیاتەوە ئەوە هاوکێشەیەکی ڕاستەو تەنها ڕاستی گرەوی ژیان دەباتەوە.. هێدی هێدی دووای پانزە بەهار پانزە ساڵ پانزە هاوین.. هتد، دەرکەوت، کەدەرکەوت ڕووی شەم بۆ دێوانە و ڕوی حەبیبەش بۆ نالی دەرکەوت، هەتاوی هەق و ڕاستی دەرکەوت، خەریکە بڵێم ئۆخەی خەریکە ئەبێتەوە بە جاران، جارانی وورە، جارانی کوردایەتی.. هتد. ئەوە هاتنەدی خەونەکانەو بوونی ئەفسانەکان بۆ ڕاستی، دادگایی و پەت کردنی جاش و کاسەلێس گەڕانەوەی هاوکێشە سەقەتەکانە بۆ هاوسەنگی و سوکنایی و سارێژە بۆ دڵە تینووەکەی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال، بۆ دڵی دایکی شەهید، ڕۆحی شەهیدانیش شاد دەبێت بەڕسوا کردنی چڵکاوخۆران و خۆفرۆشان. دەمێک بوو چاوەڕوانی سەبرمانی دێزو ناشرین کردبوو بەڵام لەکۆتاییدا ئاو بەتینوێتی گەیشت و چاوەڕوانیمان بەری گرت. دەوەرەوە ئەی جاران دەوەرەوە، دەبا پێشمەرگە ببینین سەربڵندو جاشیش لە قەفەسی ڕەشی تاوانباری دادگادا سەرشۆڕو پەشیمان، هەر دیمەنی وەستانی خیانەتی لەدادگا ببێتە عیبرەت بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە خیانەت بەگەل و نیشتمان دەکەن. دەوەرەوە ئەی

جاران ئەی ڕاست گۆیی ئەی یەکسانی، دەوەرە با ئەم جارە ڕاستی یەکان وون نەبن و هەرکەسیش لەشوێنی شیاوی خۆی دابنرێ، باهۆش و بیر ببێتە سەرمایە بۆ مرۆڤی کورد نەک بنەماڵەو پارەو دەوڵەمەندی، دەبا یەکسانی کۆمەڵایەتی هەوێنی ژیان و پێشکەوتن بێت نەک زۆرداری، دەبا هونەرو زانست و زانیاری لەبری عەشرەت و ئاغاو شێخ و مەلا بێت، دەبا ماف و مرۆڤایەتی و ڕێزی تاک لەکۆمەڵدا لەبری جیاوازی چینایەتی بێت. دەوەرەوە ئەی جارانی شۆڕش و پێشمەرگە دەوەرەوە، دەبا خوێنی شەهیدو ڕەنجی پێشمەرگەی کوڕی هەژار بەفیرۆ نەچن، با ببینین بەچاوی خۆمان پێش مردن ڕەنج و تێکۆشانەکان بەربگرێ و چینی چەوساوەش بحەسێتەوە کەبەڕەنجی ئەو دنیا دروست دەکرێ و بەخوێنی ئەو کۆشکەکان چین لەسەر چین دادەنرێ. دەبا خەنجەرەکان بشکێنین و پێنوسی خۆشەویستی بکەین بە یەخەماندا بائەم جارە تەنها بۆ یەک جار، بۆ یەک ڕۆژ، بۆ یەک کاتژمێر بۆ یەک خولەک بۆ یەک چرکە دایکی شەهیدی ئەم نیشتمانە وێرانە لەکۆشکدا بێت، جاش و نیشتمان فرۆشیش جێگای سوچی قەفەسی دادگا بێت.